# لە سەرەتای ساڵەوە



براكانم! خوشكەكانم!
هاوڕێ خۆشەویستەكانم!
دەرگای مەكتەب كرایەوە
پشووی هاوین بڕایەوە
جا نۆرەی قوتابخانەیە
كە بۆ زانین هێلانەیە
بە یەكتر شاد ئەبینەوە
ڕێگای خوێندن ئەگرینەوە

**هۆنراوەی: كاكەی فەلاح - دیوانی: چرۆ**

---

* لێكدانەوەی وشەكان

هاوڕێ: هەڤاڵ
پشوو: حەسانەوە، بهنڤەدان
مەكتەب: قوتابخانە، خوێندنگە
هێلانە: شوێنی حەسانەوەی مەل و باڵندە

---

* **پرسیار**

1. چۆن پشووی هاوینت بردە سەر؟ (وەڵامەكەی لە چەن دێڕێكدا لە ناو دەفتەرەكەتدا بنووسەوە!)

2. كوێ بۆ زانین هێلانەیە؟

3. ناوی قوتابخانەكەت چیە؟

4. تۆ ئێستا پۆلی چەندی؟

* هەر کام لەو ڕستانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بە کار بێنە:

هاوین ..............................................................................................

پشوو ..............................................................................................

ڕێگا ..............................................................................................

خوێندن ..............................................................................................

قوتابخانە ..............................................................................................

هاوڕێ ..............................................................................................

خۆشەویست ..............................................................................................

---

* ڕاهێنان

چاو لە دەرسەکە مەکە و ئەم بۆشاییانە پڕ کەوە:

براکانم! ..........................

.......................... خۆشەویستەکانم!

.......................... مەکتەب ..........................

پشووی .......................... بڕایەوە

جا نۆرەی ..........................

کە بۆ .......................... هێلانەیە

بە یەکتر .......................... ئەبینەوە

ڕێگای .......................... ئەگرینەوە

* ئەم شێعرە جارێک لە ناو دەفتەرەکەتدا بنووسەوە!